


فەرهاد کەریم

farhad4hamad@yahoo.com

# چاوەروانی خودا

شەو نیوە مردنە و
بەیانی ووزە ماچ کردن
نیوەم موڵکی تۆیە و
نیوەم خەونی هەراسان و نووستن
چ داستانێک تۆمار بکەم ؟
هەناسە
ئەفسانەیەکی وورد و خاش
بەیانی باش
ڕوتین..
نەکاتژمێرێک
نەدووان و
سەدان
نە ڕۆژ و
هەفتە و
مانگ و
ساڵ
هتد...
هتد...
هتد...

بوونم گەمەی ئەنفال و
کیمیا باران ..
چ قودسیەتێک و
جەنگەڵستانێکە
دەمژمێر
دوای شکست و تێکشکان ؟
چ قەزمیەتێکە
بوون ؟
سەرۆک جەللاد و کەر
ئێمەش بێ پەڕ و باڵ
شوورەیەکی پۆڵایینە
سیستەم ،
گورگێکی برسی ،
ئێمەش گاڕان..

لە وولاتێکی وێران و
پڕ لە ( جەللاد ) هاتمە دونیا
وانەی...
خوێن و نائومێدی فێر بووم..
لە دونیای مۆدێرنیشا
دەفڕین و
باڵ لە دەست دەدەین..
لەبری سۆز و میهر و پێکەوە ژیان
یەکتر دەخۆین
هەرەسمان هێناوە..
دین چوکلێتە ژەهر
ئازادیش کوشتن
ئایەتێک بنێرە
بێ ناو ،
بێ پەڕ و باڵ ،
چاوەڕێین خوای میهرەبان

پایزی 2004